گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپــەڕیــن

Journal of University of Raparin.

مجلة جامعة ڕابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0

DOI:10.26750/Vol(12).No(1).Paper24

ڕێـكەوتـی وەرگـرتـن: 2025/01/01

ڕێكەوتی پەسەندكردن: 2025/01/22

ڕێكەوتی بڵاوكردنەوە: 2025/02/28

# ڕۆڵی پلاتفۆرمەكانی سۆشیاڵ میدیا لەهەڵمەتی هەڵبژاردنی كاندیدەكانی پەرلەمانی كوردستانی ساڵی ٢٠٢٤دا

**هاونیاز سامی صابر**

hawnyaz.saber@spu.edu.iq

بەشی تەكنیكی میدیا، كۆلێژی تەكنیكی كارگێڕی، زانكۆی پۆلیتەكنیكی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی كوردستان، عیراق

**پوختە**

لەم سـەردەمەدا پلاتفۆرمەكـانی سۆشـیاڵ میـدیا ڕۆڵـێكی گرنـگ دەگێڕن لەگەیانـدنی پەیـامی هەڵـبژاردنی كاندیـد و لیستەكانی بەشدار لەهەڵبژاردنەكاندا، لەم توێژینەوەیەدا توێژەر كاردەكات لەسەر گرنگی پلاتفۆرمەكانی سۆشیاڵ میدیا لەگەیاندنی پەیامی كاندیدەكان و كاریگەرییان لەسەر دەنگدەران و پۆلێنكردنی پلاتفۆرمەكان لە زۆرترین بەكارهێنانیانەوە تا كەمترین بەكارهێنانیان لەلایەن دەنگدەرانەوە بەمەبەستی ئاگاداربونیان لەپەیام و چالاكییەكانی هەڵمەتی هەڵبژاردنی كاندیدەكانی سنوری بازنەی سلێمانی لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستانی ساڵی ٢٠٢٤دا.

توێژەر هەوڵیداوە لەڕێی لایەنی پراكتیكی و بەپشـت بەسـتن بەمیتۆدی وەسـفی و بەڕێگای (ڕاپێوی)، ئامانجەكانی ئەم توێژینەوەیە بەدیبێنێت، كە گرنگترینیان بـریتیــیە لەدیاریكردنی جۆری ئەو پلاتفـۆرمەی سۆشـیاڵ میدیا كە زۆرترین بەكارهێنەری هەبوە لەبانگەشەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستانی ساڵی ٢٠٢٤ دا. دیارترین ئەو دەرئەنجامانەی كە تـوێژەر پێیگەیشـتوە بـریتین لە: ئەو سێ پلاتفـۆرمەی سۆشـیاڵ میـدیا (تیكتـۆك، فەیسـبوك، ئینسـتاگرام) كە تـوێژەر دەستنیشــانیكردون بەئاســتی جیــاواز لەلایەن دەنگــدەرانەوە بەكارهــاتون، بەڵام پلاتفــۆرمی (تیكتــۆك) زۆرتــرین بەكارهێنەری هەبوە بەمەبەستی بەئاگابون لەپەیام و چالاكییەكانی كاندیدەكانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستانی ساڵی (٢٠٢٤). كاندیـدانی لایەنە سیاسـییەكان گرنگییانـداوە بەپلاتفۆرمەكـانی سۆشـیاڵ میـدیا بـۆ بڵاوكـردنەوەی پەیـام و چالاكییەكانیان، بەڵام كاندیدەكانی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان بەراورد بەكاندیدەكانیتر زۆرترین گرنگییان هەبوە بۆ بەكارهێنـانی پلاتفۆرمەكان سۆشـیاڵ میـدیا و لەنێویشـیاندا گـرنگی تایبەتیـان بە پلاتفـۆرمی (تیكتـۆك) داوە. لێتـوێژەران زۆرتـر گرنگیـان بەو پەیـام و چالاكیـانەی كاندیـدەكان داوە، كە لەڕێی ڤیدیۆوە بڵاویانكردونەتەوە. لەهەمانكاتـدا ئەو پەیام و چالاكییانەی كە لەڕێی پلاتفـۆرمی (تیكتـۆك)ەوە بڵاوكـراونەتەوە زۆرتـرین كاریگەریی هەبـوە لەسـەر لێتـوێژەران بەمەبەستی بڕیاردانیان بەدەنگدان بەكاندیدەكان.

**كلیلە وشەكان:** ڕۆڵ، كاندید، سۆشیاڵ میدیا، بانگەشەی هەڵبژاردن، پەرلەمانی كوردستان.

## پێشەکی

پلاتفۆرمەکانی سۆشیاڵ میدیا یەکێکە لەو ئامرازە سەرەکییانەی کە کاندیدانی بەشدار لەهەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستانی ساڵی (٢٠٢٤) پشتیان پێبەستوە بۆ گەیاندنی پەیامەکانیان و بەئاگابونی دەنگدەران لەچالاکییەکانیان، بەتایبەت لەو ماوەیەی کە بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن دیاریدەکرێت، چونکە لەوماوەیەدا کاندیدەکان چالاکییەکانیان چڕدەکەنەوە و زۆرترین پۆست دەکەن، بەئامانجی کاریگەریی دروستکردن و باوەڕهێنان بەدەنگدەران تا دەنگیان پێبدەن.

لەم توێژینەوەیەدا هەردو زانستی ڕاگەیاندن و سیاسی پێکەوە گرێدەدەین و کاردەکەین لەسەر بەکارهێنانی پەیوەندییە جەماوەرییەکانی ماوەی هەڵمەتی هەڵبژاردن کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەم چوارچێوەیەدان، توێژەر بۆ گرنگی باسەکە و زیاتر قوڵبونەوە لەچۆنێتی کاریگەریی پلاتفۆرمەکانی سۆشیاڵ چەند جۆرێکی پلاتفۆرمی سۆشیاڵ میدیای وەرگرتوە کە لەهەرێمی کوردستان بەکارهێنەریان هەیە وەک (تیکتۆک، فەیسبوک، ئینستاگرام)، هەروەها ئاماژەیداوە بەوەی کام پلاتفۆرمی سۆشیاڵ میدیا زۆرترین بەکارهێنەری هەبوە لەهەڵمەتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی ساڵی ٢٠٢٤دا و هۆکارەکانی بەکارهێنان چی بوە؟ بۆ زیاتر خستنەڕوی گرنگی پلاتفۆرمەکانی سۆشیاڵ میدیا لەهەڵمەتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی ساڵی ٢٠٢٤دا، توێژەر لەڕێی توێژینەوەی زانستی میتۆدی وەسفی بە(ڕێگای ڕاپێوی) کاریکردوە بەئامانجی گەیشتن بەئەنجامەکان و خستنەڕویان.

لەبەشی یەکەمدا چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکەی خستۆتەڕو، هەروەها لەبەشی دوەمدا باسی لەهەڵمەتی هەڵبژاردن کردوە و پاشان پلاتفۆرمەکانی سۆشیاڵ میدیای ناساندوە و گرنگی سودوەرگرتن لەم ئامرازەی میدیای خستۆتەڕو لەهەڵمەتی **هەڵبژاردن**ەکاندا.

لەبەشی سێیەم و کۆتاییشدا ئەنجامی فۆرمی ڕاپێوی و ڕاڤەکردنیانی خستۆتەڕو، هەروەها دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە و ڕاسپاردەکانی خستۆتەڕو. بۆ پشتڕاستی زانستی توێژینەوەکەش لەکۆتاییدا لیستی سەرچاوەکانی خستۆتەڕو.

### ١: چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکە

### ١-١: کێشەی توێژینەوەکە

توێژەر گرنگی بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکانی سۆشیاڵ میدیا لەلایەن کاندیدانی بەشدار لەهەڵمەتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی ساڵی ٢٠٢٤دا دەخاتەڕو بەئامانجی بەدەستهێنانی زۆرترین دەنگی دەنگدەرانی بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردنەکە. توێژەر کار دەکات لەسەر ئەوەی کێشەی توێژینەوەکە لەچەند پرسیارێکی سەرەکیدا بخاتەڕو، وەک:

١- ئایا کاندیدەکان گرنگییان داوە بەپلاتفۆرمەکانی سۆشیاڵ میدیا بۆ بڵاوکردنەوەی پەیام و چالاکییەکانیان؟

٢- ئایا دەنگدەران زۆرترین گرنگییان بۆ کام جۆری پلاتفۆرمی سۆشیاڵ میدیا هەبوە بۆ ئاگاداربون لەپەیام و چالاکییەکانی کاندیدەکان؟

٣- ئایا چ جۆرە تەکنیکێکی گەیاندنی پەیام کاریگەریی زۆرتر بوە لەلای دەنگدەران؟

**١-٢: ئامانجی توێژینەوەکە**

هەمو تـوێژینەوەیەکی زانسـتی پێویسـتە ئامـانجێکی دیـاریکراوی هەبێـت، لەم سـۆنگەیەوە تـوێژەر کاردەکـات لەم توێژینەوەیەدا بگات بە چەند ئەنجامێك کە گرنگترینیان:

١- خستنەڕوی ئاستی گرنگیپێدانی دەنگدەران بەپلاتفۆرمەکانی سۆشیاڵ میدیا بۆ بەئاگابون لەپەیام و چالاکییەکانی کاندیدەکان.

٢- خستنەڕوی ئەو پلاتفۆرمانەی سۆشیاڵ میدیا کە زۆرترین بەکارهێنانیان هەبوە لەلایەن دەنگدەرانەوە.

٣- هۆکاری زۆرترین بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکانی سۆشیاڵ میدیا لەلایەن دەنگدەرانەوە.

**١-٣: گرنگی توێژینەوەکە**

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەڕوی زانستییەوە لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا خراونەتەڕو:

١-گرێدانی هەردو زانستی ڕاگەیاندن و سیاسی لەیەک توێژینەوەدا.

٢- ئەم توێژینەوەیە گرنگی بۆ مامۆستایان و خوێندکارانی بواری میدیا و سیاسەت هەیە بەجۆرێك دەبێتە سەرچاوە بۆ توێژینەوەو وانەکانیان.

٣- ئەم تـوێژینەوەیە دەبێـتە ڕێنیشـاندەر و سـەرچاوە بـۆ ئەو تـوێژەرانەی کە لەبـواری گـرنگی سۆشـیاڵ میـدیا لەهەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا توێژینەوە ئەنجامدەدەن.

٤- ڕۆڵی پلاتفۆرمەکانی سۆشیاڵ میدیا بۆگەیاندنی پەیام و چالاکییەکانی کاندیدەکانی هەڵبژاردن بەدەنگدەران.

٥- دیاریکردنی گرنگترین پلاتفۆرمی سۆشیاڵ میدیا بۆگەیاندنی پەیام و چالاکییەکانی کاندیدەکان.

٦- بەرچاوڕونی دەدات بەپارتە سیاسییەکان تا بۆ هەڵبژاردنی داهاتو سودی لێوەربگرن.

**١-٤: جۆرو میتۆدی توێژینەوەکە**

بەمەبەستی گەیشتن بەئەنجامێکی دروست و زانستی توێژەر جۆری توێژینەوەی میتۆدی وەسفی بەکارهێناوە، کە ئامـانجی شـیکردنەوەو لێکـدانەوەو هەڵسـەنگاندنە بـۆ دیـاردەکە. بەمەبەسـتی گەیشـتن بەڕاسـتییەکانی پەیوەسـت بەو دیـاردەیە و خسـتنەڕوی زانیـاری ورد لەوبـارەیەوە، بەکارهێنـانی ئەم جـۆرەش لەسـەر بنەمـای ئەوەی باشـترین جـۆری تـوێژینەوەی پەیوەسـتە بەبـواری ڕاگەیانـدن، هەروەهـا بەڕێگـای (ڕاپێـوی) هەڵسـوکەوت و ئاراسـتەی وەرگـر لەسـەر پەیامەکانی نێرەر ڕوپێوبکات و شیکردنەوەیان بۆ بکات.

بـۆیە تـوێژەر لەم تـوێژینەوەیەدا پشـت دەبەسـتێت بەجـۆری تـوێژینەوەی میتـۆدی وەسـفی، بەگـرتنەبەری ڕێگـای ڕاپێوی.

**١-٥: دیاریکردنی کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوە**

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتیە دەنگدەرانی بازنەی سلێمانی لەهەڵمەتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی ساڵی ۲۰۲٤دا. بەهۆی ئەوەی هەڵبژاردنی پەرلەمان کوردستانی ساڵی ۲۰۲٤ چوار بازنەبو، توێژەر تەنها بازنەی سلێمانی وەرگرتوه.

سامپڵی توێژینەوەکە بریتییە، لەو ٤٠٠ دەنگدەرەی کە بەشدارییان کردوە لەڕاپێوییەکەدا.

شێوازی وەرگرتنی سامپڵی توێژینەوەکە لەسەر بنەمای سامپڵی هەڕەمەکی سادەبوە کە بەشێوازی گوگڵ فۆرم ڕاپێوییەکە نێردرابو بۆ (٥٠٠) کەس، بەڵام توێژەر توانی (٤٠٠) فۆرمی دروست هەڵبژێرێت.

### ١-٥-١: دروستکردنی فۆرمی ڕاپێوی

بەمەبەستی فۆرمێکی گونجاو بۆ پێوانەی ڕای بەرتوێژان، سەرەتا توێژەر فۆرمێکی سەرەتایی دروستکرد، پاشان فۆرمە سەرەتاییەکەی نارد بۆ چەند هەڵسەنگێنەرێکی بوارەکە تا ڕاوبۆچون و تێبینیە زانستییەکانیان لەسەر فۆرمەکە بخەنەڕو، دواتر لەسەر بنەمای ڕاوسەرنجی هەڵسەنگێنەران و ئەو تێبینییانەی کەلەسەر فۆرمەکە دیارییانکردبو توێژەر چاککردن و گۆڕانکاری لەفۆرمەکەدا کردو پاشان فۆرمەکەی بەشێوازی ئەلیکترۆنی بەسەر بەرتوێژاندا بڵاوکردەوە.

### ١-٥-٢: ڕاستی فۆرمی ڕاپێوی

بەمەبەستی دیاریکردنی ڕاستی و دروستی فۆرمی ڕاپێویی توێژینەوەکە، توێژەر ڕێگەی ڕاستی ڕواڵەتی بەکارهێنا، کەبریتییە لەپیشاندانی فۆرمەکە بەژمارەیەک هەڵسەنگێنەری ئەکادیمی* دوای گەڕانەوەی فۆرمەکەو بەهەندوەرگرتنی تێبینییە زانستییەکانی هەڵسەنگێنەران، ڕادەی ڕێککەوتنی هەڵسەنگێنەران بەڕێژەی (٩٥.٩٨) بو، کەئەمەش ڕێژەیەکی گونجاوە لەڕوی زانستییەوە.

### ١-٥-٣: جێگیریی

بۆ گەیشتن بەجێگیریی فۆرمەکە، توێژەر ڕێگەی دوبارە دابەشکردنەوەی فۆرمەکەی گرتەبەر کەبۆ ئەم مەبەستە دوای تێپەڕبونی ماوەی (١٥ ڕۆژ) دوبارە فۆرمەکەی دابەشکردەوە بەسەر ڕێژەی (١٠٪)ی سامپڵی توێژینەوەکە، کە (٤٠) کەس بون لەلێتوێژان، بەپشت بەستن بەیاسای (ئەلفاکرۆمباخ) بۆ دیاریکردنی جێگیریی، ئەنجامی هاویەکی هەردو ماوەی فۆرمەکان بەئەنجامی (٠.٩٢) دەرچو، ئەم ئەنجامەش ئاماژەیە بەوەی کە بەڕێژەیەکی ئاست بەرز بۆ ڕونی و ڕاستگۆیی فۆرمی ڕاپێوییەکە دادەنرێت.

### ١-٥-٤: پڕکردنەوەی فۆرمی ڕاپێوی

توێژەر لەسەر بنەمای لیکەتەری سیانی بۆ وەڵامی پرسیارەکانی فۆرمەکە، کە سێ بژاردە خراونەتە بەردەستی لێتوێژان، کە بریتیبون لە(زۆر، تاڕادەیەک، کەم).

### ١-٦: توێژینەوەکانی پێشو

یەکەم: توێژینەوەی سەنگەر جمال حسن، (٢٠٢٣)

بەناونیشانی (ئاستی پشتبەستنی پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان بە سۆشیال میدیا لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا، نامەی ماستەری بڵاونەکراوەیە، بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، 2023)، ئەم توێژینەوەیە لێکۆڵینەوە دەکات لە ئاستی بەکارهێنان و هۆکارەکانی پشتبەستنی پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان بە سۆشیال میدیا لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا. توێژینەوەیەکی وەسفییە، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە، ڕێگای ڕاپێوی بەکارهێنراوە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە ؛ پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستانە و کادیرانی سۆشیال میدیای یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان و بزوتنەوەی گۆڕانی وەک سامپڵی توێژینەوەکە وەرگیراون.

دیارترین ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە:

١- زانینی ئاستی بەکارهێنا ن و پشتبەستن بە سۆشیال میدیا لە هەڵمەتی هەڵبژاردن، لەلایەن پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستانەوە.

٢- ئاشکراکردنی واقیعی بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا لە هەڵمەتی هەڵبژاردن لای بەرتوێژان.

دیارترین ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەکە پێی گەیشتوە بریتین لە:

١- پشتبەستنی پارتە سیاسییەکان بە سۆشیال میدیا لە هەڵمەتی هەڵبژاردن لە ئاستێکی بەرزدایە.

٢- لەنێو پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیادا، بەرزترین پلەی پشتبەستنی پارتە سیاسییەکان بە(فەیسبوک)ە و لەبەرامبەردا بە پلەیەکی نزم پشت بەپلاتفۆرمەکانی تویتەر و سناپچات و تیکتۆک دەبەستن. (حسن، ٢٠٢٣)

دوەم: توێژینەوەی (کاروان عەلی قادر) 2021. بەناونیشانی (کاریگەریی سۆشیاڵ میدیا لەسەر ڕەفتاری دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان لەهەڵبژاردنە گشتییەکاندا) ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە زانین و خستنەڕوی ئاستی کاریگەری پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیایە لەسەر ڕەفتار و بڕیاری خوێندکارانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان لە کاتی دەنگدانـدا لە هەڵبژاردنە گشتییەکاندا. توێژینەوەیەکی وەسفییە، پشتی بە ڕێگای ڕاپێوی بەستوە، سامپڵی توێژینەوەکەش خوێندکارانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستانن، کە(344) کەس بەشداریان تێداکردوە.

دیارترین ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە:

١- زانین و دیاریکردنی ئاستی کاریگەریی پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیایە لەسەر ڕەفتارو بڕیاری خوێندکارانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان لەکاتی دەنگدان لەهەڵبژاردنە گشتییەکاندا.

٢- خستنەڕوی ڕادەو شێوازی کاردانەوەو وەڵامی خوێندکارانی زانکۆکانی کوردستان بۆ ئەو پەیام و بابەتانەی تایبەتن بە هەڵبژاردنە گشتییەکانەوە لە سۆشیال میدیا دەیبینن و دەیبیستن.

دیارترین ئەو ئەنجامانەش کەتوێژینەوەکە پێی گەیشتوە:

١- بەشێکی بەرتوێژان دەکەونە ژێر کاریگەریی سۆشیال میدیا بۆ گۆڕینی بڕیار و ڕەفتاریان پەیوەست بە دەنگدان.

٢- زۆرینەی بەرتوێژان پێیانوایە ئەو پەیامانەی پارتەکان و کاندیدەکان لە ڕێگەی سۆشیال میدیاوە بڵاویدەکەنەوە لەڕوی ناوەڕۆک و تەکنیکەوە لاوازن و لە ئاستێکی نزمدان. (قادر، ٢٠٢١)

سێیەم: توێژینەوەی brahim, Jimoh Modibbo: Influence of Social Media on Voter’s Behavior in the 2015 Presidential Election in Ilorin-Metropolis, MA dissertation, Kwara State University, 2019.

بەناونیشانی "کاریگەریی سۆشیال میدیا لەسەر ڕەفتاری دەنگدەران لەهەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی ٢٠١٥ی ئیلۆرین-میترۆپۆلیس"دا. توێژینەوەکە ئامانجێتی بگات بەوەی کە تاچەند بەکارهێنانی فەیسبوک و تویتەر کاریگەریی لەسەر هەڵسوکەوتی دەنگدەران هەیە لە (ئیلۆرین-میترۆپۆلیس) لەهەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ساڵی ٢٠١٥ی نایجیریا، هەروەها ئەوگرفت و ڕکابەرییانە چین کەپەیوەندی بە بەکارهێنانی سۆشیاڵ میدیاوە هەیە لەپرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ساڵی ٢٠١٥ی شاری ئیلۆرین-میترۆپۆلیس. ئەم توێژینەوەیە میتۆدی ڕوپێوی بەکارهێناوەو فۆرمی ڕاپێوی بۆ کۆکردنەوەی زانیاری بەکارهێناوە. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە میدیای نوێی پارتە سیاسییەکانی نایجیریایە.

دیارترین ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە:

١- کاریگەریی سۆشیاڵ میدیا لەسەر شێوەکانیتری میدیا چییە، بەتایبەتی میدیای پەخش و چاپکراو.

٢- پلاتفۆرمەکانی سۆشیاڵ میدیا لەلایەن پارتە سیاسییەکانەوە بۆ چ مەبەستێک بەکاردێن.

دیارترین ئەو ئەنجامانەش کە توێژینەوەکە پێی گەیشتوە:

١- پلاتفۆرمی فەیسبوك و تویتەر بەرێژەیەکی بەرچاو کاریگەری لەسەر ڕەفتاری دەنگدەران دروستدەکات.

٢- سۆشیال میدیا لەکاتی هەڵبژاردندا بۆ هێرشکردنە سەر ڕکابەرەکان و بڵاوکردنەوەی پروپاگەندەی ناڕاست و ڕق و کینەش بەکارهاتوەو بەهۆیەوە دواجار کاریگەری لەسەر بڕیاری دەنگدەر دروستکردوە.

٣- هەمو پارتە سیاسییەکانی نایجیریا پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیایان بەکارهێناوە بۆ هەڵمەتەکانی بانگەشەکردن و بڵاوکردنەوە و ناردنی پەیام و پلانەکانیان بۆ لایەنگرانیان.

٤- دەرکەوتنی میدیای نوێ نابێتە هۆی نەمانی میدیای کۆن، بەڵکو لێکنزیکی لەنێوان میدیای کۆن و نوێ وەک دیاردەیەکی تەواوکەر دروستدەکات.

٥- سۆشیاڵ میدیا بەردەوام لەزاڵبوندایە بەسەر پەیوەندییە سیاسییەکاندا و وەک ئامرازێکی میدیایی کاریگەر بۆ بڵاوکردنەوەو کۆکردنەوەی ئەنجامی پەیامی سیاسی خزمەت دەکات. (Ibrahim, 2019)

چوارەم: توێژینەوەی (محمد حسین علوان) ٢٠١٥، " دور مواقع التواصل الاجتماعي في تدعيم المشاركة السياسية في الانتخابات البرلمانية العراقية ٢٠١٤ "دراسة میدانیة"

توێژەر گرنگیداوە بەوەی کە تاچەند هۆکانی گەیاندن و ڕاگەیاندن گرنگن لەبەشداری سیاسی هاوولاتیاندا، لەنێویشیاندا بەتایبەت تۆڕەکانی ئینتەرنێت و نەوەی دوەمیان کە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانن، هەروەها گرنگی ئەم تۆڕانە لەسەر دەنگدەران بۆ بەشداریکردنیان لەهەڵبژاردنەکاندا.

توێژینەوەکە پشتی بەتوێژینەوەی جۆری وەسفی بەمیتۆدی ڕوپێوی و شیکاری ناوەڕۆک بەستوە، هەروەها کۆمەڵگەی توێژینەوەکە هەمو بەکارهێنەرانی پلاتفۆرمەکانی سۆشیاڵ میدیایە ئەوانەی تەمەنیان لە(١٨) ساڵ بۆ

سـەرەوەیە، سـامپڵی تـوێژینەوەکەش بـریتییە لە (٤٠٠) کەس کە تەمەنیـان لە(١٨) سـاڵ بـۆ سـەرەوەیە. ئامرازەکـانی کۆکردنەوەی زانیاری وەک (ڕاپرسی) بەکارهێناوە بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان.

دیارترین ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە:

١- ئامرازەکانی ڕاگەیاندن تا چەند کاریگەرییان هەیە لەبەشداریکردنی جەماوەر لەپرۆسەی سیاسیدا و دروستکردنی بڕیار لەو ڕوانگەیەی کە سەرکردایەتی سیاسی وڵات هەڵبژێرن لەهەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٤ی عیراقدا.

٢- هەوڵیداوە بزانێت تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تاچەند جێی بایەخی دەنگدەرانی بەکارهێنەری تۆڕەکانن بۆ کاریگەری دانان لەسەریان لەڕوی بڕیاردان و ڕازیکردنیان و ئاراستەی بیروبۆچونیان لەلایەن نێرەرانی پەیامەوە.

دیارترین ئەو ئەنجامانەش کە توێژینەوەکە پێیگەیشتوە:

١- دەنگدەرانی بەکارهێنەری تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان پشتیان بەتۆڕەکان بەستوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و هەواڵ و پەیوەندیکردن بەدەوروبەرەوە.

٢- تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەرییان لەسەر بڕیاردانی دەنگدەرانی بەکارهێنەری تۆڕەکان هەیە. (علوان، ٢٠١٥، ٢٧٨)

## ٢: پلاتفۆرمەکانی سۆشیاڵ میدیا لەهەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا

بەمەبەستی دروستکردنی کاریگەریی لەسەر دەنگدەران و قایلکردنیان بەدەنگدان بەلایەنێکی سیاسی دیاریکراو یان بەکاندیـدێک لەهەڵبژاردنەکانـدا، لایەنە سیاسـییەکان و کاندیـدەکانی هەڵـبژاردن وەک یەکێـک لەڕێگاکـانی هەڵـمەتی هەڵبژاردن پەنادەبەنەبەر پلاتفۆرمەکانی سۆشیاڵ میدیا بۆ گەیاندنی پەیام و چالاکییەکانیان بەدەنگدەران.

### ٢-١: هەڵمەتی هەڵبژاردن

هەڵمەتی هەڵبژاردن، بریتییە لە کۆمەڵێک چالاکی بۆ خەڵک یان لایەنە جیاوازەکان، بەپێی ستراتیژێکی پێشوەختە، بەمەبەستی کاریگەریی دانان لەسەر دەنگدەران و قایلکردنیان بە پێویستی دەنگدان لەسەر بیرۆکەکە و هەوڵدانێک بۆ کاریگەریی دروستکردن لەسەریان. کە لەماوەیەکی دیاریکراوی کە یاسا دەستنیشانیکردوە ئەنجامدەدرێت. (مجاني و غضبان، ٢٠١٦، ٥١)

هەڵـمەتی هەڵـبژاردن، چـالاکییەکی سیاسـییە لەمـاوەیەکی دیـاریکراوی یاسـاییدا ئەنجامـدەدرێت لەڕێی کۆبـونەوەی جەمـاوەری فـراوان و نمایشـکردنی سـیاسی و پەیوەنـدی تـاکەکەسی، بەهـۆی ئامرازەکانی پەیوەنـدیکردنی وەک (هەمو ئامرازەکانی میـدیا، ئامێرەکانی پەیوەنـدیکردن، ڕوبەڕو) کە لەڕێیـانەوە پەیـام و بەرنـامەی هەڵـبژاردنی پـارتی سـیاسی و پاڵێوراو بەدەنگدەران دەگەیەنرێت بەئامانجی قایلکردنیان و بەدەستهێنانی پشتیوانی و دەنگدانیان بۆ پارت و پاڵێوراوی دیاریکراو.(بومخلیە، 2021، ٩٦)

هەڵمەتی هەڵبژاردن، بریتیە لەبەئامانجگرتنی دەنگدەر لەڕێی پەیامێکی قایلکەرەوە بەشێوەی کارکردنی بەردەوام بەپێی پلانێکی گونجاو بۆ گەیشتن بەکارکردنە سەر دەنگدەر.(سلیمان، ٢٠٠٧، ٥٦)

هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن پشت دەبەستن بەتەکنەلۆژیای ئینتەرنێتی تا لەرێیانەوە کاندیدەکان پەیوەندی بکەن بە دەنگدەرانەوەو بەئامانجگرتنیان لەسەر بنەمای بەرژەوەندی دەنگدەران و لە ئەنجامدا ئەگەری سەرکەوتنی کاندیدەکان لەهەڵبژاردنەکاندا زیاد دەکات.(Safiullah,2017, 13)

**٢-٢: پلاتفۆرمەکانی سۆشیاڵ میدیا**

بۆ مەبەستەکانی ئەم توێژینەوەیە، سۆشیاڵ میدیا بە "پلاتفۆرمەکان و ئامرازەکانی سەرهێڵ (online tools)" پێناسەکراون، کە کارلێککردنی کۆمەڵایەتی و هاوبەشیکردنی ناوەڕۆکی پەیامەکان ئاسان دەکەن. هەرچەندە سۆشیاڵ میدیا لەچەندین پلاتفۆرمی جیاواز پێکدێت و ژمارەیان زۆرە، بەڵام سۆشیاڵ میدیا لەم توێژینەوەیەدا ئاماژەیە بۆ پلاتفۆرمەکانی سۆشیاڵ میدیای وەک (تیکتۆک، فەیسبوک، ئینستاگرام)، لەبەرئەوەی کاندیدە بەشدارەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی ساڵی (٢٠٢٤) زۆرتر ئەم سێ پلاتفۆرمەیان بۆ گەیاندنی پەیام و چالاکییەکانیان بەکارهێناوە.

سۆشیاڵ میدیا بە بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای وێب(web 2.0) بە مانای کارلێک ناسراوە کە ئاسانکاری دەکات بۆ هاوبەشکردن و بەکارهێنانی بیرۆکە و بۆچوون و زانیاری لە ڕێگەی بنیاتنانی تۆڕە ڕاستەقینەکان و کۆمەڵگەکانەوە. ئەو ناوەرۆکەی کە بەکارهێنەران لەپلاتفۆرمەکانی سۆشیاڵ میدیادا هاوبەشی دەکەن بەزانیاری کەسی، وێنە، ڤیدیۆ و دۆکیومێنت لەخۆدەگرێت. بەکارهێنەران لە ڕێگەی کۆمپیتەرەکان، تابلێتەکان، مۆبایلەکان لە سەرسۆفتوێرەکانی وێب یان پرۆگرامەکانی وێب سۆشیاڵ میدیا بەکاردەهێنن. (britannica.com, 2024)

شێوازی پەیوەندی لەسۆشیاڵ میدیادا بەجۆرێکە تۆ هەمو قسەکان دەکەیت، وێنە، ناوەڕۆک، ڤیدیۆ، ئیبوک، ئینفۆگرافیا، کاغەزی سپی و زیاتر بڵاودەکەیتەوەو هەوڵدەدەیت کە پەیوەندی لەگەڵ هەواداران و شوێنکەوتوەکانت دروست بکەیت، بەو ئامانجەی کارلێک لەگەڵ کاڵا یان براندەکەت دروستبکەن یان کردارێک و ڕاوبۆچونێک دەربڕن.(blog.avada.io, 2024)

پلاتفۆرمەکانی سۆشیاڵ میدیا، توانای ئەوەیان هەیە دیموکراسی بەهێز بکەن لەرێگەی گەیاندن و دەنگدانەوەی ڕایگشتی، هەروەها دەتوانن یارمەتی زیادکردنی ئازادی ڕادەربڕین بدەن و دیدو تێڕوانینە سیاسییەکانی خەڵک بگۆڕن یان ئاڕاستەیان بکەن.(Singer and Emerson, 2018, 86)

بەشێوەیەکی گشتی گەنجەکان ئینتەرنێت بەکاردەهێنن بۆ گەڕان بەدوای زانیاری لەسەر کاندید و لیستەکانی بەشدار لەهەڵبژاردنەکاندا، هەر بۆیە ناونیشان و ناساندنەکانی کاندید لەهەمو شتێک گرنگترن بۆ ڕاستەوخۆ کاریگەریی دروستکردن و پێکهێنانی بیروڕای دەنگدەران لەسەر کاندیدەکان. (Nikhil and Mousumi, 2014, 133 Aindri,)

لەتوێژینەوەیەکدا بەناونیشانی کاریگەریی سۆشیال میدیا لەسەر هەڵبژاردنەکاندا: بەڵگەکان لەویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاوە " The effect of social media on elections: Evidence from the United States" توێژەران کاریان لەسەر کاریگەریی سۆشیال میدیا بەتایبەتی پالاتفۆرمی تویتەر لەسەر دەرهاویشتەکانی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا کردوەو گەیشتونەتە ئەو دەرئەنجامەی لەهەردو هەڵبژاردنی ٢٠١٦و ٢٠٢٠ی سەرۆکایەتیی ئەمریکادا، تویتەر وەك پالاتفۆرمێکی سۆشیال میدیا کاریگەری هەبوە لەسەر کەمکردنەوەی پشکی دەنگەکانی پارتی کۆمارییەکان. (Fujiwara,; Muler and Carlo, 2022)

سۆشیاڵ میدیا وەک کاریگەرییەکی نوێ لەسەر ڕێکخستنە کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسییەکان دەرکەوتوە، توێژینەوەکان دەریانخستوە کە زۆربونی بەکارهێنانی سۆشیاڵ میدیا بەمەبەستی زیادکردنی پەیوەندی سیاسی بو، هەروەها بۆتە هۆی کەمبونەوەی خوێنەری ڕۆژنامەو بینەرانی تەلەڤزیۆن لەزۆربەی وڵاتاندا. لەم هەلومەرجەدا ڕەنگە پلاتفۆرمەکانی سۆشیاڵ میدیا بەردەوامبن لەزاڵبون بەسەر پەیوەندییە سیاسییەکاندا و وەک ئامرازێک بۆ کۆکردنەوە و بڵاوکردنەوەی پەیامی سیاسی خزمەت بکەن.(Ibrahim, 2019, p15)

زۆربەی کاندید و لایەنە بەشدارەکانی هەڵبژاردنەکان، سۆشیاڵ میدیا بەکاردێنن و کاریگەریی بەرچاوی هەیە لەسەر هەڵسوکەوتی دەنگدەران، هەندێکجار ئەمەش یارمەتییان دەدات بۆ ئەوەی بڕیاری دەنگدان لەبارەی کاندیدێک یان لایەنێکی بەشداری هەڵبژاردنەکەوە بدەن.

بەگوێرەی توێژینەوەیەکی (Global social media statistics research) کە لە مانگی یەکی ٢٠٢٤ ئەنجامیانداوە، زیاتر لەنیوەی دانیشتوانی گۆی زەوی سۆشیاڵ میدیا بەکاردەهێنن کە بەڕێژەی (٦٢.٣٪) دەکات، واتە ٥ ملیارو ٤ ملیۆن کەس بەکارهێنەری سۆشیاڵ میدیان، بەپێی پلەبەندی بەکارهێنەرانی پلاتفۆرمەکانی سۆشیاڵ میدیا بەمجۆرەن: (www.smartinsights.com, 2024 )

فەیسبوکFACEBOOK: ٣ ملیاردو ٤٩ ملیۆن.

یوتیوبYOUTUBE: ٢ ملیاردو ٤٩١ ملیۆن.

واتس ئەپWHATSAPP: ٢ ملیارد.

ئینستاگرامINSTAGRAM: ٢ ملیارد.

تیکتۆکTIKTOK: ١ ملیاردو ٥٦٢ ملیۆن.

وی چاتWE CHAT: ١ ملیاردو ٣٣٦ ملیۆن.

فەیسبوک مێسنجەرFB MESSENGER: ٩٧٩ ملیۆن.

تیلیگرام TELEGRAM: ٨٠٠ ملیۆن.

دوین DOUYIN: ٧٥٢ ملیۆن.

سناپ چات SNAPCHAT: ٧٥٠ ملیۆن.

کوایشو KUAISHOU: ٦٨٥ ملیۆن.

تویتەر TWITTER: ٦١٩ ملیۆن.

سینا ویبۆ SINA WEIBO: ٦٠٥ ملیۆن.

کیوکیو QQ: ٥٥٨ ملیۆن.

پەینترێست PINTEREST: ٤٨٢ ملیۆن.

بەگوێرەی ئەم پلەبەندییە بێت بەکارهێنەرانی فەیسبوک لەجیهاندا لەهەمو پلاتفۆرمەکانی تر زیاترە و پلەی یەکەمی گرتوه، ئەمە لەکاتێکدایە لەعێراق و هەرێمی کوردستانیش بەکارهێنەرانی فەیسبوک لەپلەی یەکەمدان بە بەراورد بە بەکارهێنەرانی پلاتفۆرمەکانی تری سۆشیاڵ میدیا، بەڵام ئاماژەکان ئەوە ڕوندەکەنەوە کە لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی ساڵی (٢٠٢٤)دا پلاتفۆرمی تیک تۆک (Tiktok) بەبەراورد بە پلاتفۆرمەکانی تر زیاتر بەکارهاتوە بۆ بەئاگابون لەپەیام و چالاکی کاندیدە بەشدارەکانی **هەڵبژ**اردنەکە. (بڕوانە خشتەی ژمارە ٢)

### ٣: **خستنەڕوی ئەنجامی فۆرمی ڕاپێوی و ڕاڤەکردنیان**

### ٣-١: **زانیاریە کەسیەکان**

دوای هەڵاوێردکردنی زانیارییە بنەڕەتییەکانی تایبەت بەلێتوێژان، دەردەکەوێت لەڕوی (ڕەگەز، تەمەن، ئاستی خوێندەواری)، سامپڵی توێژینەوەکە کە ژمارەیان (٤٠٠) لێتوێژەرە، بەمجۆرەیە:

1 - **ڕەگەز:** بەگوێرەی ئەنجامی خشتەی ژمارە (١)، ڕەگەزی (نێر) لەپلەی یەکەمدایە بە (٢٣٢) دوبارەبونەوەو بەڕێژەی (٥٨٪) و ڕەگەزی (مێ) بەپلەی دوەم و بە (١٦٨) دوبارەبونەوە بەڕێژەی (٤٢٪).

هۆکاری ئەوەی ڕێژەی بەشداری ڕەگەزی (نێر) بەرزترە بەراورد بەڕەگەزی (مێ)، دەگەڕێتەوە بۆ ڕێژەی ئەو فۆرمانەی کە بەدروستی گەڕاونەتەوە بۆ توێژەر کاریگەریی هەبوە لەسەر ئەم ئەنجامە.

2 - **تەمەن:** بەپلەی یەکەم ئەوکەسانەن کە تەمەنیان لەنێوان (١٨-٢٢) ساڵدابوە بەدوبارەبونەوەی (٧١) جار و بەڕێژەی (١٧.٧٥٪)، هەروەها لەپلەی دوەمدا ئەوکەسانەن کە تەمەنیان لەنێوان (٢٨-٣٢) ساڵدایە بەدوبارەی (٥٣) جارو بەڕێژەی (١٣.٢٥٪)، لەپلەی سێیەمیشدا ئەوکەسانەن کە تەمەنیان لەنێوان (٢٣-٢٧) ساڵدایە بەدوبارەی (٥٢) جارو بەڕێژەی (١٣٪)، بەپلەی چوارەمیش ئەوکەسانەن کە تەمەنیان لەنێوان (٤٨-٥٢) ساڵدایە بەدوبارەی (٤٨) جارو بەڕێژەی (١٢٪)، لەپلەی پێنجەمیشدا ئەوکەسانەن کە تەمەنیان لەنێوان (٣٣-٣٧) ساڵدایەو بەدوبارەی (٤٠) جارو بەڕێژەی (١٠٪). لەپلەی شەشەمیشدا ئەوکەسانەن کە تەمەنیان لەنێوان (٤٣-٤٧) ساڵدایەو بەدوبارەی (٣٩) جارو بەڕێژەی (٩.٧٥٪).

بە پلەی حەوتەم بەدوبارەی (٣٦) جارو بەڕێژەی (٩٪) ئەوکەسانەدێن کە تەمەنیان لەنێوان (٥٣-٥٧) ساڵدایە، هەروەها لەپلەی هەشتەم و پێش کۆتایی ئەوکەسانە دێن کە تەمەنیان لەنێوان (٣٨-٤٢) ساڵدایەو بەدوبارەی (٣٢) جارو بەڕێژەی (٨٪)، لەپلەی نۆیەم و کۆتایشدا ئەوکەسانە دێن کە تەمەنیان لەنێوان (٥٨ ساڵ و بۆسەرەوەن) بەدوبارەی (٢٩) جارو بەڕێژەی (٧.٢٥٪).

هۆکاری ئەوەی ئەو بەشداربوانەی کە تەمەنیان لەنێوان (١٨-٢٢) ساڵدایە لەپلەی یەکەمدایە، دەگەڕێتەوە بۆئەوەی زۆرترین بەکارهێنەری سۆشیاڵ میدیان، هەروەها ئەوانەی تەمەنیان لەنێوان (٥٨ ساڵ بۆ سەرەوەن) کەمترین بەکارهێنەری سۆشیاڵ میدیان.

3 - **ئاستی خوێندەواری:** بەپلەی یەکەم و بەدوبارەبونەوەی (١١٦) و بەڕێژەی (٢٩٪) خاوەن بڕوانامەی بەکالۆریۆس دێت، لەپلەی دوەمیشدا ئەوکەسانەن کە خاوەن بڕوانامەی (دبلۆم)ن، بەدوبارەبونەوەی (٨٥) جار و بەڕێژەی (٢١.٢٥٪)، هەروەها لەپلەی سێیەمداو بەدوبارەبونەوی (٧٩) جار و بەڕێژەی (١٩.٧٥٪) خاوەن

بڕوانامەی ئامادەیی دێن، لەپلەس چوارەمیشدا هەمو ئەوانە دێن کە خاوەن بڕوانامەی سەرەتایین و بریتین لە (٤٥) کەس و بەرێژەی (١١.٢٥ ٪)، هەرچی ئەوانەی خاوەن بڕوانامەی ماستەرن (٣١) کەسن و بەرێژەی (٧.٧٥٪) لەپلەی پێنجەمدان. دواتریش لەپلەی شەشەمدا بەدوبارەبونەوەی (٢٤) جارو بەرێژەی (٦ ٪) خاوەن بڕوانامەی ناوەندی دێن، هەروەها ئەو کەسانەی خاوەن بڕوانامەی دکتۆران بەدوبارەبونەوەی (١٤) جارو بەرێژەی (٣.٥٪) لەپلەی حەوتەم، لەپلە کۆتایشدا خاوەن بڕوانامەی دبلۆمی باڵا بەدوبارەبونەوەی (٦) جارو بەرێژەی (١.٥ ٪) پلەی هەشتەمیان گرتوە.

بەهۆی ئەوەی دابەشکردنی فۆرمی ڕاپرسییەکە بەشێوازی (google form) بوە، ئەگەر سەرنج بدەین ئەوانەی ئاستی خوێندەواری بەرزیان هەیە زۆرترین فۆرمیان پڕکردۆتەوە، هەروەها بەهۆی ئەوەی پێشتر خوێندکاری زانکۆو پەیمانگا بون و لەگرنگی ئەنجامی ڕاپرسی زیاتر تێگەیشتوە بۆیە زۆرترین وەڵامەکان لەلای ئەمانەوە هاتونەتەوە.

**خشتەی (١) زانیاری بنەڕەتی لێتوێژەران**

| گۆڕاو | بژاردە | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی ٪ | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|
| ڕەگەز | مێ | ١٦٨ | ٤٢ | دوەم |
| | نێر | ٢٣٢ | ٥٨ | یەکەم |
| تەمەن | ١٨-٢٢ | ٧١ | ١٧.٧٥ | یەکەم |
| | ٢٣-٢٧ | ٥٢ | ١٣ | سێیەم |
| | ٢٨-٣٢ | ٥٣ | ١٣.٢٥ | دوەم |
| | ٣٣-٣٧ | ٤٠ | ١٠ | پێنجەم |
| | ٣٨-٤٢ | ٣٢ | ٨ | هەشتەم |
| | ٤٣-٤٧ | ٣٩ | ٩.٧٥ | شەشەم |
| | ٤٨-٥٢ | ٤٨ | ١٢ | چوارەم |
| | ٥٣-٥٧ | ٣٦ | ٩ | حەوتەم |
| | ٥٨- بۆ سەرەوە | ٢٩ | ٧.٢٥ | نۆیەم |
| ئاستی خوێندن | سەرەتایی | ٤٥ | ١١.٢٥ | چوارەم |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | ناوەندیی | ٢٤ | ٦ | شەشەم |
| | ئامادەیی | ٧٩ | ١٩.٧٥ | سێیەم |
| | دبلۆم | ٨٥ | ٢١.٢٥ | دوەم |
| | بەکالۆریۆس | ١١٦ | ٢٩ | یەکەم |
| | دبلۆمی باڵا | ٦ | ١.٥ | هەشتەم |
| | ماستەر | ٣١ | ٧.٧٥ | پێنجەم |
| | دکتۆرا | ١٤ | ٣.٥ | حەوتەم |

**٣-٢: ڕۆڵی پلاتفۆرمەکانی سۆشیاڵ میدیا لەسەر بڕیاری دەنگدان بەکاندیدەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی ساڵی (٢٠٢٤)**

١- ئایا ئەم سێ پلاتفۆرمەی سۆشیاڵ میدیا تا چەند ڕۆڵیان هەبوە لەسەر ئاشنابونت بەکاندیدەکان؟

لەم خشتەیەی خوارەوەدا توێژەر ئەوەی ڕونکردۆتەوە کە لەو سێ پلاتفۆرمەی کە توێژەر دەستنیشانی کردبون بۆ لێتوێژەران تابزانێت کام پلاتفۆرمیان زۆرتر بۆتە هۆی ئاشنابونی لێتوێژەران بەکاندیدەکانی پەرلەمانی کوردستانی ساڵی (٢٠٢٤)، ئەوا ئەنجامەکان بەمشێوەیەیە:

بەپلەی یەکەم پلاتفۆرمی تیکتۆک دێت بەجۆرێک (٢٢٣) کەس بژاردەی (زۆر)یان دەستنیشانکردوە بەرێژەی (٥٥.٨ ٪)و بەناوەندی ژمێرەیی (١.٦٢)و بەلادانی پێوەریی (٠.٧٦٩)، بەپلەی دوەمیش پلاتفۆرمی فەیسبوک دێت کە(٧٢) کەس بژاردەی (زۆر)یان دەستنیشانکردوە بەرێژەی (١٨ ٪) و بەناوەندی ژمێرەیی (٢.٣٤)و بەلادانی پێوەریی (٠.٧٦٥)، هەروەها لەپلەی سێیەم وکۆتایشدا پلاتفۆرمی (ئینستاگرام) دێت بەدوبارەی (١٨) جارو بەرێژەی (٤.٥ ٪)و بەناوەندی ژمێرەیی (٢.٧٧)و بەلادانی پێوەریی (٠.٥١٩). بڕوانە خشتەی (٢).

ئەم ئەنجامە ئەوە دەدرەخات کە پلاتفۆرمی (تیکتۆک) زۆرترین ڕۆڵی هەبوە لەئاشنابونی لێتوێژەران بەکاندیدەکانی پەرلەمانی کوردستانی ساڵی (٢٠٢٤)، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ناوەڕۆکانەی لەپلاتفۆرمی (تیکتۆک) بڵاودەکرێنەوە کە زۆرتر بابەتی ڤیدیۆیی ماوە کورتن.

**خشتەی (٢) ڕۆڵی پلاتفۆرمەکانی سۆشیاڵ میدیا لەسەر ئاشنابون بەکاندیدەکان**

| پلاتفۆرمەکان | بژاردە | دوبارە | ڕێژە ٪ | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|---|---|
| فەیسبوک | کەم | ٢٠٧ | ٥١.٧ | ٢.٣٤ | ٠.٧٦٥ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | تاڕادەیەک | ١٢١ | ٣٠.٣ | | |
| | زۆر | ٧٢ | ١٨ | | |
| ئینستاگرام | کەم | ٣٢٥ | ٨١.٣ | ٢.٧٧ | ٠.٥١٩ |
| | تاڕادەیەک | ٥٧ | ١٤.٢ | | |
| | زۆر | ١٨ | ٤.٥ | | |
| تیکتۆک | کەم | ٧١ | ١٧.٨ | ١.٦٢ | ٠.٧٦٩ |
| | تاڕادەیەک | ١٠٦ | ٢٦.٥ | | |
| | زۆر | ٢٢٣ | ٥٥.٨ | | |

٢- ئایا لەڕێی پلاتفۆرمەکانی سۆشیاڵ میدیاوە تا چ ئاستێک پەیام و چالاکییەکانی کاندیدانی لایەنە سیاسییەکانت دەبینی؟

لەم خشتەیەی خوارەوەدا توێژەر ئەوەی ڕونکردۆتەوە کە لێتوێژەران تاچ ئاستێک لەلایەن ئەو سێ پلاتفۆرمەی سۆشیاڵ میدیا کە توێژەر دەستنیشانیکردون بونەتە هۆی بینینی پەیام و چالاکی کاندیدی لایەنە سیاسییەکان، ئەنجامەکان بەمشێوەیەیە:

بەپلەی یەکەم کاندیدەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دێن، چونکە زۆرترین بژاردەی (زۆر)یان بەدەستهێناوە بەدوبارەی (٢٣٤)و بەرێژەی (٥٨.٥)و بەناوەندی ژمێرەیی (١.٥٩) و بەلادانی پێوەریی (٠.٧٧٣). لەپلەی دوەمدا کاندیدەکانی نەوەی نوێ دێن بەو پێیەی بژاردەی (زۆر) بەدوبارەی (١٩٤) جارو بەرێژەی (٤٨.٥)و بەناوەندی ژمێرەیی (١.٧٧) و بەلادانی پێوەریی (٠.٨٣٠). بە پلەی سێیەمیش کاندیدەکانی بەرەی گەل دێت بەدوبارەی (١٩٢) جار و بەرێژەی (٤٨٪) و بەناوەندی ژمێرەیی (١.٨٥) و بەلادانی پێوەریی (٠.٨٨٥).

لەپلەی چوارەمیشدا کاندیدەکانی یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان دێن بەدوبارەی (٤٦) جارو بەرێژەی (١١.٥) و بەناوەندی ژمێرەیی (٢.٥٨) و بەلادانی پێوەریی (٠.٦٨٩). لەپلەی پێنجەمیشدا کاندیدەکانی ڕەوتی هەڵوێست دێن بەدوبارەی (٣١) جارو بەرێژەی (٧.٨٪) و بەناوەندی ژمێرەیی (٢.٦٩) و لادانی پێوەریی (٠.٦١٠)، هەروەها کاندیدەکانی بزوتنەوەی گۆڕان بەدوبارەی (٢٩) جارو بەرێژەی (٧.٢)و بەناوەندی ژمێرەیی (٢.٦٥) و لادانی پێوەریی (٠.٦١١) پلەی شەشەمیان گرتوە. لەپلەی حەوتەمیشدا کاندیدانی هاوپەیمانی هەرێمی کوردستان دێن بەدوبارەی (١٩) جارو بەرێژەی (٤.٨) و ناوەندی ژمێرەیی (٢.٨١) و لادانی پێوەریی (٠.٥٠١)، لەپلەی هەشتەم و کۆتایشدا

کاندیدانی کۆمەڵی دادگەریی کوردستان دێن بەدووبارەی (١٧) جارو بەڕێژەی (٤.٣) و بەناوەندی ژمێرەیی (٢.٧٧) و لادانی پێوەریی (٠.٥١١). بڕوانە خشتەی (٣).

وەک ئەوەی توێژەر تێبینی کردوە ئەوەی بۆ ڕونبۆتەوە بەو پێیەی زۆرترین لێتوێژەر بژاردەی (زۆر)یان بەدووبارەی (٢٣٤) جار داوە بەکاندیدەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە کاندیدەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ بڵاوکردنەوەی پەیام و چالاکییەکانیان پلاتفۆرمەکانی سۆشیاڵ میدیایان زۆرتر بەکارهێناوە بەبەراورد بەکاندیدی لایەنە سیاسییەکانی تر.

**خشتەی (٣) بینینی پەیام و چالاکییەکانی کاندیدانی لایەنە سیاسییەکان لەپلاتفۆرمەکانی سۆشیاڵ**

| لایەنی سیاسی | بژاردە | دووبارە | ڕێژە٪ | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|---|---|
| یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان | کەم | ٧١ | ١٧.٨ | ١.٥٩ | ٠.٧٧٣ |
| | تاڕادەیەک | ٩٥ | ٢٣.٨ | | |
| | زۆر | ٢٣٤ | ٥٨.٥ | | |
| نەوەی نوێ | کەم | ١٠٢ | ٢٥.٥ | ١.٧٧ | ٠.٨٣٠ |
| | تاڕادەیەک | ١٠٤ | ٢٦ | | |
| | زۆر | ١٩٤ | ٤٨.٥ | | |
| پارتی دیموکراتی کوردستان | کەم | ٣١٢ | ٧٨ | ٢.٧٠ | ٠.٦٠٤ |
| | تاڕادەیەک | ٥٧ | ١٤.٢ | | |
| | زۆر | ٣١ | ٧.٨ | | |
| یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | کەم | ٢٧٧ | ٦٩.٣ | ٢.٥٨ | ٠.٦٨٩ |
| | تاڕادەیەک | ٧٧ | ١٩.٣ | | |
| | زۆر | ٤٦ | ١١.٥ | | |
| ڕەوتی هەڵوێست | کەم | ٣٠٥ | ٧٦.٣ | ٢.٦٩ | ٠.٦١٠ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | تاڕادەیەک | ٦٤ | ١٦ | | |
| | زۆر | ٣١ | ٧.٨ | | |
| کۆمەڵی دادگەریی کوردستان | کەم | ٣٢٦ | ٨١.٥ | ٢.٧٧ | ٠.٥١١ |
| | تاڕادەیەک | ٥٧ | ١٤.٢ | | |
| | زۆر | ١٧ | ٤.٣ | | |
| بەرەی گەل | کەم | ١٣٠ | ٣٢.٥ | ١.٨٥ | ٠.٨٨٥ |
| | تاڕادەیەک | ٧٨ | ١٩.٥ | | |
| | زۆر | ١٩٢ | ٤٨ | | |
| هاوپەیمانی هەرێمی کوردستان | کەم | ٣٤٢ | ٨٥.٥ | ٢.٨١ | ٠.٥٠١ |
| | تاڕادەیەک | ٣٩ | ٩.٨ | | |
| | زۆر | ١٩ | ٤.٨ | | |
| بزوتنەوەی گۆڕان | کەم | ٢٨٩ | ٧٢.٣ | ٢.٦٥ | ٠.٦١١ |
| | تاڕادەیەک | ٨٢ | ٢٠.٥ | | |
| | زۆر | ٢٩ | ٧.٢ | | |

٣- ئایا ئەم سێ پلاتفۆرمەی سۆشیاڵ میدیا تاچەند بونەتە هۆی بڕیاری دەنگدانت بەکاندیدەکان؟

ئەوەی لەم خشتەیەی خوارەوەدا ڕونبۆتەوە بۆ توێژەر، بریتییە لە:

پلاتفۆرمی تیک تۆک بەپلەی یەکەم بۆتە هۆکاری دەنگدانی لێتوێژەران بەکاندیدەکان ئەویش لەسەر بنەمای ئەوەی بژاردەی (زۆر) بەدوبارەی (٢٣٩) جارو بەرێژەی (٨٤.٨) و بەناوەندی ژمێرەیی (١.٢٠)و بەلادانی پێوەریی (٠.٥٠٦)یان هەڵبژاردوە.

لەپلەی دوەمیشدا پلاتفۆرمی فەیسبوك دێت لەسەر بنەمای ئەوەی لێتوێژەران بژاردەی (زۆر)یان بەدوبارەی (١٠٥) جارو بەرێژەی (٢٦.٣) هەڵبژاردوە بەناوەندی ژمێرەیی (٢.٤٣) و بەلادانی پێوەریی

(٠.٨٧٩)، هەروەهــا لەپــلەی ســێیەم و کۆتایشــدا پلاتفــۆرمی ئینســتاگرام دێــت کە بــژاردەی (زۆر) بەدوبــارەی (٦٥) جــارو بەرێــژەی (١٦.٣)و بەناوەنــدی ژمــێرەیی (٢.٦٣)و لادانی پێــوەریی (٠.٧٤٩) لەلایەن لێتــوێژەرانەوە هەڵبژێردراوە. بڕوانە خشتەی (٤).

ئەوەی ڕونبــۆتەوە بــۆ تــوێژەر پلاتفــۆرمی (تیکتــۆک) زۆرتــرین کــاریگەریی هەیە لەســەر دەنگــدەران بە بەراورد بە پلاتفۆرمەکــانی (فەیســبوك و ئینســتاگرام)، ئەمەش ئامــاژەیە بــۆئەوەی دەنگــدەران کــاریگەریی بــابەتە بڵاوکراوەکانی کاندیدەکانیان لەپلاتفۆرمی تیکتۆک لەسەربوە.

**خشتەی (٤) پلاتفۆرمەکانی سۆشیاڵ میدیا تاچەند بونەتە هۆی دەنگدان بەکاندیدەکان**

| پلاتفۆرمەکان | بژاردە | دوبارە | ڕێژە ٪ | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|---|---|
| فەیسبوك | کەم | ٢٧٧ | ٦٩.٣ | ٢.٤٣ | ٠.٨٧٩ |
| | تاڕادەیەک | ١٨ | ٤.٥ | | |
| | زۆر | ١٠٥ | ٢٦.٣ | | |
| ئینستاگرام | کەم | ٣١٥ | ٧٨.٨ | ٢.٦٣ | ٠.٧٤٩ |
| | تاڕادەیەک | ٢٠ | ٥ | | |
| | زۆر | ٦٥ | ١٦.٣ | | |
| تیکتۆک | کەم | ١٩ | ٤.٨ | ١.٢٠ | ٠.٥٠٦ |
| | تاڕادەیەک | ٤٢ | ١٠.٥ | | |
| | زۆر | ٣٣٩ | ٨٤.٨ | | |

### ٣-٣: بەکارهێنـانی پلاتفۆرمەکـانی سۆشـیاڵ میـدیا بـۆ بەئاگابون لەپەیـام و چـالاکی کاندیـدەکانی هەڵبـــژاردنی پەرلەمانی کوردستانی ساڵی (٢٠٢٤)

١- تا چ ئاستێک ئەم سێ پلاتفۆرمەی سۆشیاڵ میدیات بۆ بەئاگابون لەپەیام و چالاکییەکانی کاندیدەکان بەکاردەهێنا؟

بەپێی وەڵامی لێتوێژەران بە پلەی یەکەم پلاتفۆرمی تیکتۆکیان بۆ بەئاگابون لەپەیام و چالاکی کاندیدەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمـانی کوردسـتانی سـاڵی (٢٠٢٤) بەکارهێنـاوە، ئەگەر سـەرنج بـدەین لەخشـتەی ژمـارە (٥) ئەوە ڕونبـۆتەوە کە

بـژاردەی زۆر بەکارهێنـان پلاتفـۆرمی تیکتـۆک بەدوبـارەی (٢٩٤) و بەڕێـژەی (٧٣.٥٪) لەپـلەی یەکەم دێـت. پاشـان بەپلەی دوەم پلاتفۆرمی فەیسبوك دێت بەجۆرێک بژاردەی زۆر بەکارهێنان بەدوبارەی (١٠٩) و بەڕێژەی (٢٧.٣٪) دێـت. لەپـلەی سـێیەم و کۆتایشـدا پلاتفـۆرمی ئینسـتاگرام بـژاردەی زۆر بەکارهێنـان بەدوبـارەی (٤٧) جـارو بەڕێـژەی (١١.٨٪) دێت. بڕوانە خشتەی (٥)

ئەوەی ڕونبۆتەوە بۆ تـوێژەر پلاتفـۆرمی (تیکتـۆک) زۆرتـرین بەکارهێنـانی هەبـوە لەلایەن لێتـوێژەرانەوە بـۆ بەئاگابون لەپەیام و چالاکییەکانی کاندیدەکان، ئەویش بەهۆی ئەوەی کاندیدەکان زۆرترین بابەتی ڤیدیۆییان لەپلاتفۆرمی تیکتۆک بڵاوکردۆتەوە.

**خشتەی (٥) بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکانی سۆشیاڵ بۆ بەئاگابون لەپەیام و چالاکییەکانی کاندیدەکان**

| پلاتفۆرمەکان | بژاردە | دوبارە | ڕێژە٪ | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|---|---|
| فەیسبوك | کەم | ٢٧٣ | ٦٨.٣ | ٢.٤١ | ٠.٨٨٨ |
| | تاڕادەیەک | ١٨ | ٤.٥ | | |
| | زۆر | ١٠٩ | ٢٧.٣ | | |
| ئینستاگرام | کەم | ٣٢٩ | ٨٢.٣ | ٢.٧١ | ٠.٦٦٦ |
| | تاڕادەیەک | ٢٤ | ٦ | | |
| | زۆر | ٤٧ | ١١.٨ | | |
| تیکتۆک | کەم | ٧٣ | ١٨.٣ | ١.٤٥ | ٠.٧٨٣ |
| | تاڕادەیەک | ٣٣ | ٨.٣ | | |
| | زۆر | ٢٩٤ | ٧٣.٥ | | |

٢- هۆکارەکانی بەکارهێنانی پلاتفۆرمی فەیسبوك چیبون؟

توێژەر دەیەوێت ئەوە بخاتەڕو ئەو لێتوێژەرانەی پلاتفۆرمەکانی سۆشیاڵ میدیایان بۆ تەماشاکردنی پەیام و چالاکی کاندیدەکان بەکارهێناوە، بەهۆی چ پاڵنەرو هۆکارێکەوە بەکاریـانهێناون بەپێی جۆری پلاتفۆرمەکانی سۆشیاڵ میدیا. بۆئەم مەبەسـتە توێژەر پێنج هۆکاری دەستنیشـانکردوە، کە لێتـوێژەر دەتوانێت لەبژاردەیەک زیاتر دەستنیشـان بکات بەپێی ئەنجامەکان هۆکارەکانی بەکارهێنانی پلاتفۆرمی فەیسبوك بەمجۆریە:

بەپلەی یەکەم هۆکاری (نوسین و تێکست) بەدوبارەی (٣٣٥)و بەرێژەی (٨٣.٧٥٪) دێت، لەپلەی دوەمدا هۆکاری (ئاسانی بەکارهێنان) بەدوبارەی (١١٠)و یەرێژەی (٢٧.٥٪) دێت، هەروەها لەپلەی سێیەمدا هۆکاری (وێنەکان) بەدوبارەی (٨٢)و بەرێژەی (٢٠.٥٪) دێت، هۆکاری (میوزک و گۆرانی) بەدوبارەی (٦٥)و بەرێژەی (١٦.٢٥٪) بەپلەی چوارەم دێت، لەکۆتایشداو لەپلەی پێنجەمدا هۆکاری (ڤیدیۆکان) دێت بەدوبارەی (٢٠)و بەرێژەی (٥٪). بڕوانە خشتەی (٦)

توێژەر گەیشتوە بەو ئەنجامەی کە لێتوێژەران پلاتفۆرمی فەیسبوك بەپلەی یەکەم بەهۆی نوسین و تێکستی ناوەڕۆک و پەیامەکانەوە بەکاردەهێنن بۆ ئاگاداربون لەپەیام و چالاکی کاندیدەکان، ئەو لێتوێژەرانەشی کە بەکاریدەهێنن بەهۆی ئاسانی بەکارهێنانەوەیە کە لەپلەی دوەمدا هاتوە.

**خشتەی (٦) هۆکارەکانی بەکارهێنانی پلاتفۆرمی فەیسبوك**

| ژمارە | هۆکارەکانی بەکارهێنان | بەڵێ | | نەخێر | | کۆی گشتی | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دوبارە | ڕێژە٪ | دوبارە | ڕێژە٪ | | |
| ١ | میوزیک و گۆرانی | ٦٥ | ١٦.٢٥ | ٣٣٥ | ٨٣.٧٥ | ٤٠٠ | چوارەم |
| ٢ | نوسین و تێکست | ٣٣٥ | ٨٣.٧٥ | ٦٥ | ١٦.٢٥ | ٤٠٠ | یەکەم |
| ٣ | ڤیدیۆکان | ٢٠ | ٥ | ٣٨٠ | ٩٥ | ٤٠٠ | پێنجەم |
| ٤ | وێنەکان | ٨٢ | ٢٠.٥ | ٣١٨ | ٧٩.٥ | ٤٠٠ | سێیەم |
| ٥ | ئاسانی بەکارهێنان | ١١٠ | ٢٧.٥ | ٢٩٠ | ٧٢.٥ | ٤٠٠ | دوەم |

٣- هۆکارەکانی بەکارهێنانی پلاتفۆرمی ئینستاگرام چیبون؟

هۆکارەکانی بەکارهێنانی پلاتفۆرمی ئینستاگرام بەمجۆریە:

بەپلەی یەکەم هۆکاری (وێنەکان) بەدوبارەی (٣٧٥)و بەرێژەی (٩٣.٧٥٪) دێت، لەپلەی دوەمدا هۆکاری (ئاسانی بەکارهێنان) بەدوبارەی (٢٢٦)و بەرێژەی (٥٦.٥٪) دێت، هەروەها لەپلەی سێیەمدا هۆکاری (ڤیدیۆکان) بەدوبارەی (١٤٢)و بەرێژەی (٣٥.٥٪) دێت، هۆکاری (نوسین و تێکست) بەدوبارەی (٤٤)و بەرێژەی (١١٪) بەپلەی چوارەم دێت، لەکۆتایشداو لەپلەی پێنجەمدا هۆکاری (میوزک و گۆران) دێت بەدوبارەی (٢٢)و بەرێژەی (٥.٥٪). **بڕوانە خشتەی (٧)**

توێژەر گەیشتوە بەو ئەنجامەی کەلێتوێژەران پلاتفۆرمی ئینستاگرام لەهەمو گۆڕاوەکان زیاتر لەڕێی تەماشاکردنی وێنەکانەوە بۆ ئاگاداربون لەپەیام و چالاکی کاندیدەکان بەکاردەهێنن.

**خشتەی (٧) هۆکارەکانی بەکارهێنانی پلاتفۆرمی ئینستاگرام**

| ژمارە | هۆکارەکانی بەکارهێنان | بەڵێ | | نەخێر | | کۆی گشتی | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دوبارە | ڕێژە٪ | دوبارە | ڕێژە٪ | | |
| ١ | میوزیک و گۆرانی | ٢٢ | ٥.٥ | ٣٧٨ | ٩٤.٥ | ٤٠٠ | پێنجەم |
| ٢ | نوسین و تێکست | ٤٤ | ١١ | ٣٥٦ | ٨٩ | ٤٠٠ | چوارەم |
| ٣ | ڤیدیۆکان | ١٤٢ | ٣٥.٥ | ٢٥٨ | ٦٤.٥ | ٤٠٠ | سێیەم |
| ٤ | وێنەکان | ٣٧٥ | ٩٣.٧٥ | ٢٥ | ٦.٢٥ | ٤٠٠ | یەکەم |
| ٥ | ئاسانی بەکارهێنان | ٢٢٦ | ٥٦.٥ | ١٧٤ | ٤٣.٥ | ٤٠٠ | دوەم |

٤- هۆکارەکانی بەکارهێنانی پلاتفۆرمی تیکتۆک چیبون؟

هۆکارەکانی بەکارهێنانی پلاتفۆرمی تیکتۆک بەمجۆریە:

بەپلەی یەکەم هۆکاری (ڤیدیۆکان) بەدوبارەی (٣٨٨)و بەڕێژەی (٩٧٪) دێت، لەپلەی دوەمدا هۆکاری (ئاسانی بەکارهێنان) بەدوبارەی (٣٧٦)و بەڕێژەی (٩٤٪) دێت، هەروەها لەپلەی سێیەمدا هۆکاری (میوزیک و گۆرانی) بەدوبارەی (٣٢٠)و بەڕێژەی (٨٠٪) دێت، هۆکاری (وێنەکان) بەدوبارەی (٣١٠)و بەڕێژەی (٧٧.٥٪) بەپلەی چوارەم دێت، لەکۆتایشداو لەپلەی پێنجەمدا هۆکاری (نوسین و تێکست) دێت بەدوبارەی (٨٦)و بەڕێژەی (٢١.٥٪). **بڕوانە خشتەی (٨)**

توێژەر گەیشتوە بەو ئەنجامەی کەلێتوێژەران پلاتفۆرمی تیکتۆک بەپلەی یەکەم بەهۆی ئەو ڤیدیۆیانەی کە بڵاودەکرێنەوە بۆ ئاگاداربون لەپەیام و چالاکی کاندیدەکان بەکاردەهێنن.

**خشتەی (٨) هۆکارەکانی بەکارهێنانی پلاتفۆرمی تیک تۆک**

| ژمارە | هۆکارەکانی بەکارهێنان | بەڵێ | | نەخێر | | کۆی گشتی | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دوبارە | ڕێژە٪ | دوبارە | ڕێژە٪ | | |
| ١ | میوزیک و گۆرانی | ٣٢٠ | ٨٠ | ٨٠ | ٢٠ | ٤٠٠ | سێیەم |
| ٢ | نوسین و تێکست | ٨٦ | ٢١.٥ | ٣١٤ | ٧٨.٥ | ٤٠٠ | پێنجەم |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٣ | ڤیدیۆکان | ٣٨٨ | ٩٧ | ١٢ | ٣ | ٤٠٠ | یەکەم |
| ٤ | وێنەکان | ٣١٠ | ٧٧.٥ | ٩٠ | ٢٢.٥ | ٤٠٠ | چوارەم |
| ٥ | ئاسانی بەکارهێنان | ٣٧٦ | ٩٤ | ٢٤ | ٦ | ٤٠٠ | دوەم |

## دەرئەنجامەکان

١- پلاتفۆرمی (تیکتۆک) زۆرترین بەکارهێنانی هەبوە لەلایەن لێتوێژەرانەوە، بەهۆی ئەوەی زۆرتر گرنگی بەبڵاوکردنەوەی بابەتی ڤیدیۆ دەدات.

٢- کاندیدەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەبەراورد بەکاندیدەکانی تری لایەنە سیاسییەکان لەهەمویان زیاتر پلاتفۆرمەکانی سۆشیاڵ میدیایان بۆ بەئاگابون لەپەیام و چالاکییەکانیان بکارهێناوە بەتایبەت پلاتفۆرمی (تیکتۆک)یان زۆرتر بەکارهێناوە.

٣- لەناو پلاتفۆڕمەکانی سۆشیاڵ میدیادا دەنگدەران زۆرتر کاریگەریی پلاتفۆڕمی (تیکتۆک)یان لەسەربوە بۆ بڕیاری دەنگدانیان بەکاندیدەکان.

٤- لێتوێژەران پلاتفۆرمی (فەیسبوك)یان بەمەبەستی خوێندنەوەی پەیامی کاندیدەکانەوە بەکارهێناوە.

٥- لێتوێژەران پلاتفۆرمی (ئینستاگرام)یان بەمەبەستی بینینی وێنەی کارو چالاکی کاندیدەکان بەکارهێناوە.

٦- لێتوێژەران پلاتفۆرمی (تیکتۆک)یان بەمەبەستی بینینی ڤیدیۆی پەیام و کارو چالاکی کاندیدەکان بەکارهێناوە.

٧- ئەو بەشداربوانەی کە تەمەنیان لەنێوان (١٨-٢٢)ساڵدایە بەپلەی یەکەم زۆرترین بەکارهێنەری پلاتفۆرمەکانی سۆشیاڵ میدیان، هەروەها ئەوانەی تەمەنیان لەنێوان (٥٨ ساڵ بۆ سەرەوەن) لەپلەی نۆیەم و کۆتاییدا کەمترین بەکارهێنەری پلاتفۆرمەکانی سۆشیاڵ میدیان.

## ڕاسپاردەکان

بەئامانجی کارکردن لەسەریان توێژەر ئەم ڕاسپاردانە دەخاتەڕو:

١- توێژەران لەبواری هەڵمەتی هەڵبژاردن و سۆشیاڵ میدیادا توێژینەوەی زیاتر بکەن بەئامانجی دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی.

٢- کاندیدەکان و لایەنە سیاسییەکانی بەشدار لەهەڵبژاردنەکاندا گرنگی زیاتر بەپلاتفۆرمەکانی سۆشیاڵ میدیا بدەن بۆ گەیاندنی پەیام و چالاکییەکانیان.

٣- بەهۆی کاریگەریی بابەتی ڤیدیۆیی و ئاسانی بڵاوکردنەوەی لەپلاتفۆرمی (تیکتۆک)دا، ئەوا واباشترە کاندیدەکان گرنگی تایبەتی پێبدەن بۆ بڵاوکردنەوەی کارو چالاکییەکانیان.

٤- توێژینەوە بکرێت بە بەکارهێنانی میتۆدو ئامرازی جیاواز لەسەر هەمان بابەت.

# The Role of Social Media Platforms in the Candidates’ Campaign for the Kurdistan Parliament Election of 2024

**Hawneaz Sami Saber**

Technical Department of Media, Technical College of Administration, Sulaimani Polytechnic University, Kurdistan Region, Iraq

## Summary

In this research, the researcher works on the importance of social media platforms in conveying candidates’ messages and their impact on voters with classifying the platforms from the most used to the least used by voters for the purpose of being aware of Sulaimani constituency’s candidates’ election campaign messages and activities for the (2024) Kurdistan parliamentary elections.

The researcher sought through practical aspects based on descriptive methods and through (survey) to achieve the objectives of this research, the most important of which is to determine the type of social media platform which had the most users in the (2024) Kurdistan parliamentary election campaign.

The most evident conclusions reached by the researcher are:

The three social media platforms (TikTok, Facebook, Instagram) identified by the researcher were used by voters at different levels, however the (TikTok) platform had the most users for the aim of being aware of (2024) Kurdistan parliamentary elections candidates’ messages and activities.

Political parties’ candidates have accorded importance to social media platforms to disseminate their messages and activities, however the candidates of the Patriotic Union of Kurdistan’s candidates had the highest importance paid to applying social media platforms while giving a special importance to the (Tik Tok) platform within the platforms.

The researchers focused more on the messages and activities of the candidates posted via videos. At the same time, the messages and activities posted through the (TikTok) platform had the greatest impact on the voters in order to decide to vote for the candidates.

**Keywords:** Role, Candidate, Social Media, Election Campaign, Kurdistan Parliament

## سەرچاوەکان

بومخيله، خالد2021، العصرالجديد للحمالات الانتخابية فى عالم التواصل الاجتماعي بإفريقيا، مجله الاتصال والصحافه، عدد2، جزائر.

حسن، سەنگەر جمال2023، ئاستی پشتبەستنی پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان بە سۆشیال میدیا لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا، نامەی ماستەری بڵاونەکراوەیە، بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

سليمان، ناتالي٢٠٠٧، دليل تدريبي للاحزاب السياسية، المعهد الديمقراطي الوطني للشؤون الدولية، لبنان.

علوان، محمد حسين٢٠١٥، دور مواقع التواصل الاجتماعي في تدعيم المشاركة السياسية في الانتخابات البرلمانية العراقية 2014، مجلة (لارک) للفلسفة واللسانيات والعلوم الجتماعية، العدد (١٨)، السنة السابعة.

قادر، كاروان عەلی٢٠٢١، كاریگەری سۆشیاڵ میدیا لەسەر ڕەفتاری دەنگدەرانی هەرێمی كوردستان لەهەڵبژاردنە گشتییەكاندا، گۆڤاری زانكۆی ڕاپەڕین، ژمارە ٣.

مجاني، باديس و غالية غضبان٢٠١٦، الحملات الانتخابية في الاعلام-جريدة الخبر نموذجا، دار ألفا للوثائق، الجزائر.

Biswas Aindri, Ingle Nikhil and Roy Mousumi2014: Influence of social media on voting behavior, Journal of Power, Politics & Governance, Published by American Research Institute for Policy Development, Vol2, No.2.

Fujiwara, Thomas; Muler, Karstan and Schwarz, Carlo2022: The effect of social media on elections: Evidence from the United States.

https://blog.avada.io/resources/social-networking-vs-social-media.html. 31-8-2024

https://www.britannica.com/topic/media-convergence#ref984861. 31-8-2024

https://www.smartinsights.com/social-media-marketing/social-media-strategy/new-global-social-media-research/ 17-11-2024.

Ibrahim, Jimoh Modibbo2019: Influence of Social Media on Voter’s Behavior in the 2015 Presidential Election in Ilorin-Metropolis, MA dissertation, Kwara State University.

P.W. Singer and Emerson T. Brooking: Like war2018 the Weaponization of social media, Houghton Mifflin Harcourt Publishing Company, New York.

Safiullah, Md, Pramod Pathak, Saumya Singh, and Ankita Anshul2017. "Social media as an upcoming tool for political marketing effectiveness." Asia Pacific Management Review 22, no. 1.

## پەراوێزەکان

* . ناوی هەڵسەنگێنەران

١- پ.د. سەلام نەسرەدین محەمەد، پسپۆری ڕاگەیاندن-تەلەڤزیۆن، زانکۆی سلێمانی.

٢- پ.ی.د. یۆهان عوسمان حەمە حسێن، پسپۆری ڕاگەیاندن-تەلەڤزیۆن، زانکۆی سلێمانی.

٣- پ.ی.د. کاروان عەلی قادر، پسپۆری ڕاگەیاندن-ڕۆژنامە، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی.

٤- پ.ی.د. هەژار محەمەد جەلال، پسپۆری ڕاگەیاندن-تەلەڤزیۆن، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی.